www.kurdistannet.org

**راگەیاندنی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا سەبارەت بە دەست گیرکرانی سەدام حسێن**

**ئەمرۆ هەواڵی دەست گیرکرانی دیکتاتۆری پێشوی عێراق تاوانبار سەدام حسین ئەلتکریتی لە یەکێك لە حەشارگە ژێرزەمینییەکانی لە گوندی دەواری سەر بە شاری تکریت بە تەواوی جیهان راگەینرا . هاوکات لەگەڵ ئەم هەواڵەدا دەیان هەزار کەس لەخەڵکی عیراق لە تەواوی شارەکان رژاونەتە سەر شەقامەکان بۆ دەربرینی شادی و ئاهەنگ گێرانیان بە گیرانی جەلادوخوێنرێژی ٣٥ساڵەی عێراق.**

**گیرانی دیکتاتۆرو سەرۆکی پێشوی عێراق بێگومان شادیو کامەرانی دەخاتە دڵی هەموو تێنوانی ئازادی لە عێراق،چونکە پەروەندەی تاوانەکانی لە ماوەی ٣٥ ساڵ لە فەرمانرەوایی کردنی عیراق واتە پەروەندەی سەرکوتی سیاسی ، زیندان ، شکەنجە ، کانیاوە ترشەڵۆکەکانی بەزیندوویی تواندنەوەی جەستەی نەیارانی سیاسی بەعس و سەدام ، کاولکردنی نزیك بە ٥٠٠٠ گوندو شارەدێی کوردستان ، وشك کردنی زۆنگاوەکانی باشووری عیراق ، کیمیابارنی هەڵەبجەو ناوچەجیاجیاکانی کوردستان ، ئەنفالی سەدان هەزار کەسی ناوچەکانی گەرمیان و شوێنەکانی تری کوردستان ، گۆرە بەکۆمەڵەکانی باکوروباشوری عیراق ، سەدان هەزار کەسی بێسەرو شوێن ، ئاوارەیی زیاتر لە سێ ملیۆن هاوڵاتی عیراقی ، سەپاندنی شەری دریژماوەی لە بن نەهاتووی ناوخۆ بەسەر خەلکی کوردستان و توندکردنەوەی ستەمی میللیو هەولی بێ پەرواى بۆ دروستکردن و قوولکردنەوی قلشتە میللییەکان لە نیوان کوردو عەرەب و بە عەرەب کردنی ناوچەکوردنشینەکان ، جینۆسایدی خەلکی کوردستان ، سەپاندنی شەری ٨ سالەی لەگەڵ ئیران و دواتر کویت بەسەر خەلکی عیراقدا ، تیرۆری نەیارانی سیاسی ئازادیخوازو رابەرانی بزووتنەوەی کریکاری عیراقی لە ناوخۆی عیراق و دەرەوەیدا ، ...ئەمانەو دەیان پەروەندەی تری رژیمی سەدام و بەعسی بۆرژوا فاشیست.**

**بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییی لە یەکەیەکی پەنابەرانی عیراقی و تەواوی خەڵکی عێراقوئازادیخوازانی ناوچەکەو جیهان دەکەین ، لە هەمان کاتدا داواکارین کە:**

**١- تاوانبار سەدام حسین ئەلتکریتی و تەواوی فەرماندەکانی دەسەڵاتی بەعسی روخاو و دەست پێوەندەکانیان لە دادگایەکی ئاشکرادا لە سەر تەواوی ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە خەڵکی عیراق ئەنجامیان داوە.**

**٢- دادگای کردنی تەواوی ئەونەش کە خاوەن پەروەندەن و ئیستا لە باوەشی حیزبەکانی ناو ئەنجومەنی فەرمانرەوای کاتی عیراقدان.**

**ئەکرەم مەحمود**

**سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا**

**٢٠٠٣/١٢/١٤**